# له 22 نۆڤەمبەردا دەنگی تۆ چارەنووسی هۆڵەندا دیاری دەکات!
# ئەمجارەش هۆڵەندایەکی گرانترو زەحمەت ترو لیبراڵتر؟ یان هەمووپێکەوە هۆڵەندا باشتر و ئینسانیترو سۆسیالتردەکەین ؟

ئەمیر قادر – هۆڵەندا

ئەگەر خوازیاری هۆلەندایەکی ئینسانی و سۆسیالیت دەبێت پارتی سۆسیالیست بەشداری حکومەت بێت ،ئەگەر پارتی سۆسیالیست حکومەت بکات یانی کابینێتی باڵکنئێندەی سێ نایات،پاشان ناتوانن (باڵکنئێندە)ی کریستان مەسیحی(واوتەر بۆس) ی سۆسیالدیموکرات پێکەوە حکومەتبکەن.دەکرێت دەنگ بدەیت بە هۆڵەندایەکی باشترسۆسیالتر،کەتیایدا کانس بۆ هەمووانە.تیایدا هەمووئاگاداری یەکترین وخزمەتی یەکتری دەکەین و چاومان لەپەککەوتەو باوکان و دایکانمانە و، داهاتوویەکی باش بۆمنداڵەکانمان بنایتدەنێین. هۆڵەندایەک کەهەمووپێکەوە تیایدا بەباشی بژین. سەروەت وسامان بەشی هەمووان هەیە،دەکەواتە باهەرئێستا وابکەین هەموودەستمان بەومافانەبگات کە شایانین و پێویستن، و باهیچ کەس لەسەرماو نەداریدا هەڵنەلەرزێت.




بەدەنگدانت بەپارتی سۆسیالیست لە 22 نۆڤەمبەردا:
پارتی سۆسیالیست بەهێزدەکەیت، پارتی سۆسیال دیموکراتەکان لەخانەی چەپدا دەهێڵیتەوە، پارتی لیبراڵەکان دەنێریتەوە بۆ ماڵەوە، ڕێگالە کابینێتی باڵکنئێندەی 3 دەگریت،واتە بەتەنها دەنگێک 4 خەڵات دەبەیتەوە،دەنگی ستراتیجی خۆت بدە دەنگبدە بە پارتی سۆسیالیست،لیستی ژمارە 4.
یان مارراینسن

ئەوەی سەرەوە پوختەی ئەوە فۆڵدەرەیە کەپارتی سۆسیالیستی بۆدەنگدانی 22نۆڤەمبەربڵاوی کردۆتەوە ،پارتی سۆسیالیست بەڕابەرایەتی یان مارراینس کرێکاری لەحیمسازی هۆڵەندی کەئێستا خۆشناوترین و لەبەردڵترین سیاسی هۆڵەندایەو لیبراڵ و ڕۆژنامە ڕاستەکان ژەنگاویترین کەمپینیان لەدژی بەڕێخستووە و بەڵام خۆشەویستی و ژمارەی دەنگدەران بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەچێتە سەرەوە ،بەزمانێکی سادە

داخوازی قسەکانی خەڵکی هەژاروچینە ناوەندیەکانی هۆڵەندا دەکات و لەهەموو بەرنامەکانی تەلەفیزێنی و مێزگردەکاندا لەهەموو کاندیدەکانی تر باشتر دەتوانێت داخوازی و ستراتیژی پارتەکەی بگەیەنێت،پیاوێک لە گوندێکی هۆڵەنداوە لە (ئۆس)ەوە دێت لەگەڵ گروپێک سۆسیالیستی ترداپڕ لەخەون پڕ لەداخوازی ئاگادار لە بارو زروفی خەڵکانی هەژار و کرێکار و پیران و بێگانەکان،گروپێک سۆسیالیست کە هەر سەریان لەناوکتێبەکاندا نەڕوتاوەتەو بەڵکو لە یەخەگرتن بە دەسەڵات و خاوەن کارگەکان و سەرمایەدارانداا لەهەمووکەس بەشدارتر لەهەمووکەس ئامادەترن، بۆ ئەوەی مێژووی هەڵسوڕانو کارو خەباتی ئەم پارتە تێبگەیت کتێبی مێژووی ئێس– پەی یان مێژووی ئۆس زۆرباش باس لەکارو ڕێکخستنی ئەم پارتەدەکات بەڕای من ئەزموونێکی تازەشە بۆ بزووتنەوەی چەپ و ئاکتیڤیزمی چەپ و پەیوەندیەکانی.




لەدوایگرتنە دەستی دەسەڵات و بەشداری چەندین جارە لە شارەوانی ئەم دێیەوە ئۆس لەساڵی 1994ەوە هاتنە پەرلەمان و تاخەوە سەوزو سورەکانی لیبراڵ و ڕاستەکان بزڕێنن بەڕاستیش هەروایان کرد،پەرلەمانیان کرد بەشوێنی باس و داخوازیە ڕۆژانەکانی خەڵک بەردەم پەرلەمانیش بۆ خۆپیشاندان و ڕیزی نارەزایەتیەکانی خەڵک،ئێستا هیچ دێیەک و گەڕەکێک نیە ئەم پارتە کۆمیتەی تێدانەبێت،هیچ نارەزایەتیەک نیە پارتی سۆسیالیست دەوری تێدانەبێت،سێیەم پارتی هۆڵەندی لەبارەی ژمارەی ئەندامانەوە و ڕۆژانە دەچیتە سەرەوە لە ساڵی پاردا پارتی لیبراڵەکانیان بەجێهێشت بەپێی دواین ئامارەکان دەبێتە پارتی سێیەم لەبارەی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانەوە کە دەگاتە 29 کورسی لە کۆی 150 کورسی،پێ بەپێی لیبراڵبوونی هۆلەنداو فرۆشتنی زۆربەی بەرژەوەندیەکانی دەولەت بەکەرتی تایبەت و بەشداری لیبراڵەکان لە 4 کابینەی دەوڵەتدالەسەریەک 2 کابینە لەگەڵ سۆیسیالدیموکراتەکان و 2 کابینێت لەگەڵ پارتی کریستاین مەسیحی،لاوازکدنو گرانکردنی بیمەکۆمەڵایەتیەکان،لیبراڵبوونی زیاتری سۆسیال دیمکراتەکان،نەمانی هێزەچەپەکانی وەک پارتی کۆمۆنیستی هۆلەندی لەپەرلەماندا،دەوری پارتی سۆسیالیست گرنگ ترو پێویست تربوو،هێزێک کە نارەزایەتیەکانی جادەو کۆڵان و گەرەکەکان ڕێک دەخات و لەبەرانبەر کەمکردنەوەی بیمەکۆمەڵایەتیەکان و نارەزایەتیکاند پارتی سۆسیالیست جێ پێی خۆی بەهیزدەکات،گەورەترین دەوری پارتی سۆسیالیست لەڕێکخستنی نارەزایەتیەکانی خەڵکدابوو لەدژی قانوونی ئەوروپای یەکگرتوو کە تیایدا بەرەی نارازی کە پارتیسۆسیالیست بەڕێوەیدەبرد توانی بەنا دەنگ بەدەستووربدات ئەمەش گەورەترین کێشەبوو بۆ هێزەدەسەڵاتدرەکان،وەیەکێکی تریش نارەزایەتیەکان نەقابەکان و پارتەچەپاکانبوو لە دژی سیاسەتی

لێگرتنەوەی بودجەو بیمەکان،کەتیایدا دەوڵەت لەبەرانبەر نارەزایەکانو خۆپیشاندانداندا پاشەکشەی لە سیاسەتەکانی خۆی کرد.

| Partijen حیزبە سیاسیەکان | Tweede Kamer پەرلەمان 22 / 01 / 2003 % | Zetels کورسی | 16 / 11 / 2006 % | Zetels | 17 / 11 / 2006 % | Zetels |
|---|---|---|---|---|---|---|
| CDA- کریستیان مەسیحی | 28,6 | 44 | 28,8 | 44 | 28,4 | 44 |
| PvdA سۆسیال دیموکرات- | 27,3 | 42 | 20,6 | 32 | 21,1 | 33 |
| VVD پارتی لیبراڵ | 17,9 | 28 | 13,8 | 21 | 13,4 | 20 |
| **SP پارتی سۆسیالیست** | **6,3** | **9** | **19,6** | **30** | **18,3** | **29** |
| Lijst Vijf Fortuyn لیستی فۆرتاون | 5,7 | 8 | 0,5 | 0 | 1,2 | 1 |
| GroenLinks چەپی سەوز- | 5,1 | 8 | 4,5 | 7 | 4,2 | 6 |
| D66 دیموکرات 66- | 4,1 | 6 | 1,8 | 2 | 1,8 | 2 |

بەر لە 4 ساڵ پەیوەستبووم بە پارتی سۆسیالیستی هۆڵەنداوە،ئەم پارتە زۆر بەشێوەیەکی جیا لە هێزەسیاسیەکانی تر کاردەکات،کارکردن و رێکخستنی داخوازیەکنی خەڵک و شوێنەکان لەلایەن خەڵک و کۆمیتەکان خۆی،کارای و لەناو خەڵکدابوونی پەرلەمانتارانی ئەم حیزبەم زۆر لا گرنگ بوو،هەرزوو پەیوەندی دۆستانەمان درووستبوو بەتایبەت لەگەڵ هاری ڤا ن بۆمڵ کەهەرچی لەدەستی هاتبێت بۆ دۆزی خەڵکی کوردستان کردویەتی،هەموو سالێک لەیادی هەڵەبجەدا پەیامیان داوە لەدۆزی فرانس ڤان ئانراتدا ئەوان تەنها لایەن بوون کە ئەم بابەتەیان لەپەرلەمان و میدیاکاندا وروژاند،دواتر کەکۆمیتەی بەداگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانراتمان دانا کریستاڤان ڤێلزن لەوکۆمێتەیەدا بەشداربوو وەزۆرکاریکرد لەگەڵماندا ئەوانەی بەدرێژایی ئەودووساڵە هاتوچۆی دادگای توانابار فرانس ڤانئانراتیان کردووە هەمیشە ئەم ژنە پەرلەمەنتارەیان بینیووە .



کریستا ڤان ڤێلزن لەیادی هەڵەبجەدا لەمەیدانی دام لە ئەمستردام ساڵی 2006

پارتی سۆسیالیست وێرای ئەم هەموو پشتیوانیە بری 1500 ئێرۆشیان بۆ مەسەلەی پارێزەری قوربانیەکانداوە،شتێکی تریش کە جێی خۆیەتی بیلێم( سادێت کەرەبولووت) یەکەم کاندیدی کوردە کە لەلەیستی پارتی سۆسیالیستدایە ژمارە 14یە و ئەگەر دەنگی پێبدرێت دەردەچێت بەوەش یەکەم

پەرلەمنتاری ژنی کوردوو چەپ دەچێتە پەرلەمانی هۆڵەنداوە کەلەگەڵ سەرجەم پەرلەمانتارەکانی پارتی سۆسیالیستدا دەوری گرنگیان دەبێت.



سادێت کەرەبلووت    هاری ڤان بۆمڵ    کریستا ڤان فێلزن

دیارە ئەگەری ئەوەش هەیە پێ بەپێی زیادبوونی ڕێژەی دەنگدەران بەپارتی سۆسیالیست و پێک هاتنی کابینەی چەپ دەوری ئەم پارتە بۆ ئێمە گرنگ ترو بۆ دۆزی پەنابەریش شانسێکی گەورەیە کە لێبووردنی گشتی دەربکەن و پەنابەرانێک کە چەندین ساڵە لەسایەی سیاسەتی لیبراڵ و کریستیان دیموکراتەکاندا لەنائارامی و ترسدا ژیان بەسەردەبەن وەڵامی مانەوە وەربگرن،خاڵێکی تر کەگرنگە پارتی سۆسیالیست تەنهاپارتە کەلەگەڵ ڕێکخراوی چاکدا دەیانەوێت ئەو کۆمپانایا هۆڵەندیانە وەک ڤان ئانرات بدرێنە دادگا وەک (ک.ب.س)و (مێڵ خێمی) کەهەرئێستا مەلەفەکانیان لەبەردەستدان و دۆکومێنتەکان گوزارشی ئاشکرا لە تێوەگلانیان دەکەن لە دان و فرۆشتنی چەکە بەکۆمەڵ کوژیەکان و کیمایيەکانی ڕژێمی بەعس دەکەن.